www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7:52 16-10-2006

# لەو دەستوورەی کوردستان دەترسێم ... مەلا جەعفەر گوانی

لەو کاتەی دەستووری هەرێمی کوردستان بڵاوکرایەوە زۆر بە تامەزرۆییەوە خوێندمەوە، بەڵام ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد بینیم، تا ئەوەی لەگەڵ زۆر لە برادەرانی لە نێو حزبە ئیسلامییەکاندا کار دەکەن موناقەشەمان دەکرد و، دەمگووت: نەخێر هەرگیز بەرپرسەکانمان دژی ئەوە ڕاناوەستن کە ئیسلام ئەوەندە حسێبی بۆ بکرێت، کە لە دەستووری عێراق بۆی کراوە، لەوەشدا پشتم بە سا خالڕ دەبەستی: یەکەمینیان، من هەمیشە لە زاری بەرپرسە بەرزەکانی کوردستان چ لەسەر ئاستی حزبی بێت یان لەسەر ئاستی حکومی بێت دەمبیست، کە دەیانگووت: ئێمە لە هەموو میللەتێك موسڵمانترین، هیچ میللەتێك ئەوەندەی کورد موسڵمان نییە، لەوەش زیاتر بەرپرسە بەڕێزەکانی ئێمە بوونی حزبە ئیسلامییەکانیان بە شتێکی زیادەوە دەزانی، چونکە ئەوان لەو ئیسلامییانە پتر پشتیوانی لە ئیسلام دەکەن، کەچی لە سەرەکیترین شتدا ئیسلامییان ناوێت، ئێمە ئەگەر لە عەرەبەکانی بەغدا موسڵمانترین ئەی بۆچی ئەوان ئیسلام دەکەنە سەرچاوەی سەرەکی دەستوور بەڵام ئەوەی ئێمە نەیانکردۆتە سەرچاوەیەکیش، چونکە بنەماکانی ئیسلام هیچ بۆ شەریعەت و فیقهی ئیسلامی ناگەڕێتەوە، یانی بەپێی ئەوەی لە دەستووری کوردستان نووسراوە کەمترین ڕۆڵی بە ئیسلام نەداوە، لێرەشدا ئێمە ئەو مەلایانەی لەسەر حزبە نەتەوەییەکان حیساب دەکراین، خەریکە تووشی شەرمەزاری دەبین، ئەوەش لەبەر ئەوەی هیچ بوونمان لەوەدا نییە، ئەوەی لەوەش زیاتر لێی دەترسێم شتێکی دیکەیە کە هیوادارم ئەگەر بەرپرسە بەڕێزەکانمان بە بیریان دانەهاتووە، ئەمجارەیان بە بیریاندا بێتەوە، چونکە ئەوان بەو کارەیان وا دەکەن ئیسلامییەکان بکەنە پارێزگار لە ئایین، چونکە ئەگەر وای لێبێت لە پەرلەمانی کوردستان هەموو لیستەکان دژی ئەوەبن ئیسلام بە ئایینی ڕەسمی وڵات دابندرێت، تەنها ئیسلامییەکان نەبن، ئەوا ڕاستەوخۆ ئیسلامییەکان دابنەپارێزەری ئیسلام، بەمەش باجێکی یەکجار گەورە دەدەین، چونکە تا ماوەیەك دەکرێت خەڵك بە قسەی بریقەدار هەڵبخەڵەتێندرێت، دوایی خەڵك وشیار دەبێتەوە، بۆ نموونە من با باس لە مەلایەکان و ئەهلی مزگەوت و ئایین بکەم، ئەوان تا ماوەیەك دەتوانن دەورە لە کەسانێك بدەن کە هیچ حسێب بۆ ئایینیان ناکەن، بەمەش ئیشێکی باش بۆ ئیسلامییەکان دەدۆزنەوە، پێم بەرپرسە بەڕێزەکانیش قسەکانی من بە واقیعی وەربگرن، نەك بەرەو لایەکی دیکەی ببەنەوە، قسەکانی لەو پەڕی دڵسۆزیمەوەیە.

دووەمینیان: من پێم سەیرە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی ئێستا لە پەرلەمانن و، دەستوور دەنووسنەوە، یان دێن قسە دەکەن، ئەوان وا تێدەگەن، بە زیرەکی و لێهاتوویی خۆیانەوە هاتوونەتە سەر ئەو کورسییە و، بوونەتە ئەندام پەرلەمان، نازانن ئەوان بە دەنگی ئەو جەماوەرە هاتوونەتە ئەوإ کە ئێستا زیاتر لە 90%یان بە ڕۆژوونە و، موسڵمانن، ئەگەر زمانێکی سادە پێیان بگووترێت: ئێوە ئیسلامتان دەوێت یان فرەی بدەین و، هیچ حسێبی بۆ نەکەین، زۆر بە ڕاشکاوی ئیسلام لەسەر چاویان دادەنێن، ئەو خەڵکەی لە شاخ پێشمەرگە بوو و، تووشی ماڵر وێرانی و ئەنفال و کیمیاباران و، هەموو نەهامەتییەکان هات، ڕۆژانە نانی لە زاری منداڵەکانیان دەهینا خوارەوە و، دەرخواردی پێشمەرگەیان دەدا، یان لە ڕۆژانی هەڵبژاردن بەرەو سندووقەکانی دەنگدان دەچوون، وەك بڵێی پەرلەمان لە بیری چووە کە نوێنەری ئەو خەڵکەیە، بۆیە دەبإ ڕێز لە بیر و ڕا و عەقیدەی ئەو خەڵکە بنێن، نەك بەبإ ڕەچاوکردنی ڕای ئەو خەڵکە بە کەیفی خۆیان بڕیار بدەن.

سێیەمیان: نازانم لە مێژوودا کورد چ زیانێکی لە ئیسلام وێ کەوتووە، ئایا لەو کاتەی ئیسلام هاتە کوردستان، کورد دەوڵەت بوو، جا ئیسلام تێکی دابێت، یان ئایا کورد هەمیشە شۆڕشی کردووە، ئەهلی مزگەوتیش تێکی داوە، بۆ چاوی خۆتان لەو هەموو سەرکردە مەزنانە دەنووقێنن، کە سەرکردایەتی

شۆڕشیان کرد، دەبوو کورد ئەگەر بەرامبەر هەموو شتێك بڕ وەفا بووایە، بەرامبەر ئیسلام بڕ وەفا نەبووایە، کورد جگە لە سوود هیچی دیکەی لە ئیسلام وەرنەگرتووە.
بۆیە من لە کۆتایی هەر ئەوەندە دەڵێم: تکایە شتێك مەکەن زیانی خۆتانی تێدا بێت و، سوودی خەڵکی دیکەی تێدا بێت، ئێوە ئەوەندەی پێویستە تەماشای واقیع بکەن، نەك بیر لە تەقلید بکەنەوە، خۆتان بە نوێنەری ئەو خەڵکە بزانن، راشکاوانە قسە لەگەلڕ خەڵك بکەن، نەك بە پێچ و پەنا، واش بکەن ئێمەی مەلایانی کوردستان بتوانین دیفاعتان لێبکەین و، شەرم لە رابردووی خۆمان نەکەینەوە، ئەگەر وانەبوو دەبینین چ فەراغێك لە نێوان جەماوەر و دەسەڵات دروست دەبێت و، کێش ئەو باجە دەدات، ئەگەر هیچ نەبێت ئەوەندەی حکومەتی بەغدا رێز لە ئیسلامی ناو دەستوور بنێن و، بە زۆری و بە خورتیش ئیسلامییەکان مەکەنە پارێزەر و مودافیع لە ئیسلام، چونکە بێگومان ئیسلام بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوە لەو خەڵکەدا.

J_gwani2005@yahoo. com